# کۆنە بەعسیەک داوا دادگایی دوو پێشمەرگەی دێرین دەکات!

زانا لەیلانی
zana@nuza.dk
16 / 10 - 2006

ئەمرۆ مرۆڤ زور ئازادانە دەنووسی لەهەر مەڵپەڕێکی کوردی کە بابەت وبڵاوکراو بڵاو دەکاتەوە، بەڵام بەداخەوە داوێن پیسەکان کۆنە بەعسیەکان بەرداوام واز ناهینن لە کارە گەنەکانیان ئەو کارانەی کە رابردوو تیریان لی نەخواردووە، بە پاڵ پشتی خەڵکی نەزان وبی نرخ کە هیچ کاتێ یاخو توسقاڵی خزمەتی گەلی کوردیان نەکردووە.

لە مانگی رابردوو لە ماڵپەری کوردستان نیت بەعسیک بە ناوێکی نەناسراوەوە (وهمی) کە ناوی ( کامەران جەباری )وە داوای دادگایی دوو پێشمەرگەیی دیرینی کردوو کە هەموو کات ئەو دوو پێشمەرگە دیرینە نەخێریان ووتوە بە رژیمی لە دوا یەکەکانی عێراق هەموو کات بە هەموو شێوەیەک هاوکاری پێشمەرگەکانی کوردستانیان کردووە، توشی چەنەها سەرئیشە، بەندینخانە، بێنانی و هتد بوونە لەسەر کورد وکوردستان، هیچ کاتیێکیش چاوەروانی پاداشتیان نەکردووەو چاوەڕوانش نین کە شتێکیان بۆ بکرێ لە لایەن دەسڵات دارانەوە ، بە بۆچونی ئەو دوو پێشمەرگە دیرینە گەر مرۆڤ پاداشت وەرگری بەرامبەر بە هەر کارێکی بۆ کورد واتە هیچی بە هیچ نەکردووە.
لەو بڕوایەدام هەموو دڵسۆزیکی گەلی کورد ئەمە بە ڕاست دادەنێت، گەر بە قوڵی تەماشایی بکات، بەڵام نازانم بەچی ڕویەکەوە نابەڕیز بەعسی کۆن ( کامەران جەباری ) ئایە بە ( موبایلە سوریکەتەوە دەنازیت یاخو بە ووێنەکانت لەگەڵ ئەو گۆر بەگۆرە عودەی سەدام حوسین ) دەنازیت، یاخوو بەو ( سریەوە و فەوجەوە ) کە لە کاتی ڕژیمی فاشی سەدام بە خیزانی هەتانبوو !؟
بەڵام بەست نیە کە دەستت گرتبووە سەر ناوچەیەک بەرو بوومی ئەو ناوچەیەت دەخۆارد ساڵانە، بەست نیە جەنابت ماستاوت سارد دەکرد بۆ لیپرساوانەی سەرەوی خۆت؟
( کامەران جەباری ) گەر تۆ ئەوەندە خۆت بە دڵسۆز دەزانی بۆ کەسوکاری خاوەن ئەنفال بۆ هەڵناستی دەستی ئەو دایک وباوکی ئەو خاوەن ئەنفالانە بگری بیان بەی بۆ دادگا بۆ ئەوەی خیرەکەت زۆرتر بێت.
ئەمە کاری پیاوە نەوەک تومەت خستنە پاڵ خەڵکی کە ئەوەندەی چرکەی ژیانی تۆ ئەو دووانە خەباتیان کردووە بۆ کوردستان نەوەک وەک تۆ وبراکانت ماستاو چی حکومەتی بەعس بووبن، ئیستاکەش دانشتووی بەترسەوە هەتا ژیانت مابێت هەر دەبێ بەم شێوەیە بێت، خەڵکی چاکت دەناسی، ئەوەی بە پارە ڕاتگرتبوو هەموو وا لیت دەڕوینەوە.
ئەوە چاک بزانە ئەوەی دەستی بەپشتەوە گرتبوو وا بەتەمایە خۆی تبریە بکات، ئنجا بێ منەت باسی دەکات بۆ میژوو کە تۆ کێبویتە، تۆ چاوەڕوانبە هەر لەم ماڵپەرە ( کوردستان نیت ) ناوت بڵاوبکریتەوە باسی رابردووت لە هەزارەها بەش باس بکریت، بێگومان ئەوەی کاری گەنی کردبێ بەپیخوشحاڵیەوە بدرێ بە دادگا، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەی تومەت بخاتە پاڵ خەڵکی ئەوە بێگومان هەمان دادگا دیگریتەوە.
چاوەڕوان بووین بنووسی کە تۆ تومەت کاری وهەڵە بویتە بەڵام دیار پینووسەکەت ناویرێ بنووسێ، بەڵام هەوڵ بدە ئەو پیووسەی کە بە دیاری وەرت گرت لە ئامرەکانت دەربێنە وپیێ بنووسە.

دووا نامە بۆت :

( کامەران جەباری ) کەسوکاری ئەو دوو پێشمەرگە دیرینە هەموویان بابەتیان ئامادە کردووە بۆ رووڕەش کردنی تۆ، بەم قسانەی تۆ کەسووکاری ئەم دووانە ناکەیتە شکەوە چاکیان دەناسی نا جەناب، کەسووکار هەموو ئامادەن تف کەنە چارەت لە ڕۆژی ئاشکراکردنی تۆ بۆ کەسوکار لەلایەن ئەو دووانەوە بۆ دادگاش کردنش خۆت ئامادە کە.